کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 1:16 14-9-2007

## کۆچی پێچەوانەی دانیشتوانی قەزای مەخموور. ... موحسین شوانی

شاری مەخموور ئەو قەزایەی تەمەنی لەهەشتا ساڵ زیاترەو بەرێوەبردنی هەرسی ناحیەی (قەراج، کەندیناوە، گوێر) لەئەستۆگرتووە، بەدووری 67کم کەوتۆتە رۆژئاوای پارێزگای هەولێر و لەرۆژهەلاتەوە چیای قەرەچووغ باڵی بەسەردا کێشاوە، بەدووری 20کم کەوتۆتە نێوان هەردووزیی گەورەو بچووك، مێژووی کۆنی ئەم شارە دەگەرێتەوە بۆسەردەمی سەرجۆنی ئەکەدی وشارستانیەتی (حسون –حلف) دوای دۆزینەوەی پاشماوەی کۆن کەدەگەرێتەوە بۆ هەزاران ساڵ، مێژووی نوێیشی لەسەدەی نۆزدەوەدەست پێدەکات لەسەر دەستی ئیبراهیم ئاغای دزەیی ئاوەدانکراوەتەوە، دانیشتوانی ئەم دەڤەرە بەدرێژایی ئەم مێژووە بێ بەش وسەرکوتکراون وبێ خزمەتگوزاری بوونە سەرەتا لەسەردەمی عوسمانیەکان ودوایش حکومەتە یەك لەدوایەکەکانی عێراق ودوایین نەهامەتی ومالۆێرانبوونیش لەسەر دەستی بەعسیەکان دەست پێدەکات، بەهۆی فرەوانی ودەوڵەمەندی ناوچەکە لەرووی کشتوکاڵ ومالّداری وسامانە سورشتیەکان بەتایبەتی نەوت بۆیە لەساڵی شەستەوە یەکەم تالان وسوتان ودەبەدەرکردنی هاوولاتیانی کوردی مەخموور لەسەردەستی (حرس قومی) وبەعسیەکان بوو، هەشتاکانیش شالاوی تێکدانی گوندەکان گرتن وزیندانی رۆڵەکانی بەهۆی بەشداری لەشۆرش وکوردایەتی ونەبەردی وچالاکی وشەهیدەکانی دەشتی قەراج وکەندێناوە قەرەچووغ گەواهی دەرن و نەوەدەکانیش زەوت کردنی زەوی وزاری جوتیاران وکوشتن وئاوارەکردنیخەڵکەکەوبی بەشکردنیان لەهەموو شتێك بەتایبەتیش سیاسەتی نەگریسی تەعریب بەشێوەیەکی زۆردرندانە لەم دەڤەرەدا پەیرەوکرا، تاراپەرینی بەهاری 1991 وەك سەرجەم شوێنەکانی کوردستان رزگارکراوبەلام بەداخەوە تەنیا 18رۆژ ئازادی بەخۆیەوە بینی لەگەل کۆچ رەودا کەوتەوە ژێردەستی رژێمی بەعس وبەپاڵپشتی سوپاوهەندی عەشایەری عەرەبی دەورووبەرودووبارەو تالان وسوتێنرایەوە دەیان رۆڵەی بوونە قوربانی ولەوساتەولەکوردستان دابڕاوتاپرۆسەیئازادی عێراق بۆیە دیکتاتۆر وەك تۆڵە سەندنەوە لەکوردوناوچە ئازادکراوەکان بەدژوارترین شێوە کەوتبووە گیانی بێدیفاعی خەڵی مەخموور لەهەمووخزمەتگوزاری وخوێندنی کوردی وکرین وفرۆشتنێك زەوی زارو تا وای لێهات ناوی تابلۆی دوکانەکانیش لەکوردیەوە بکاتە عەرەبی، دوای تێپەربوونی زیاتر لە چوار ساڵ بەسەر رووخانی رژێمیبەعس وسەدام شتێکی وابەرچاوی بۆنەکراوە جی بیاس بێت، هەرچەندە دانیشتوانی مەخموور زۆر ئومێدیان بەحکومەتی هەرێمی کوردستان بوو، بەلام بەداخەوە مەخموور لەگوندێکی وێان دەچێت، بەدەست دەیان کێشەو کەم وکورِی دەناڵێنی وچەندین جاریش بەرپرسانی حکومی وحیزبی بەڵێنیان بەدانیشتوانی مەخموور داوە بەڵام بەداخەوە بەڵێنەکان هەر سەرزارەکی بوون لەم ماوەیەدا تەنیا (قوتابخانەیەك ومزگەوتێك وهۆڵی بۆنە ئایینەیەکان) جگە لەوە دانیشتوانی ئەم ناوچەیە لەنێوان دووئیدارەی موسڵ وهەولێر گیریان خواردووە هیچیان بۆنەکراوەو هەردوولابەبیانووی سەر بەئەوی تر مەخمووریان پشت گوی خستووە!بۆیە هاوولاتیان تەواو بێزارو بی ئومێد بوونە ورەنگە ئەو نائومێدیە چاوەروانی کاردانەوەی سەلبی لێبکرێت، خەڵکی ئەم دەڤەرە چاوەرییجێ بەجێکردنیئەو بەڵێنانەن کە پێش هەلبژاردنی عێراق پێیان درابوودەنگیان دا بە (730) وئێستاش داواکارن کەم وکورِیەکانیان بۆچارەسەر بکەن، شایانی باسە دوای تەقینەوەتیرۆریستیکەی 2007/5/13نزیکەی (200) ماڵ مەخمووریان جی هێشتووە بەرەو هەولێرکۆچی پێچەوانەیان کردووە، کەبەداخەوە دەبوایە خەلکی ناوچەکە وئاوارەکان لەشوێنەکانی ترەوە بگەراونەوەتەوە بۆمەخمووروقەراج.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.